Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.5.3

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Seerwan Mohammed Mustafa
seerwan.mustafa@su.edu.krd

RECEIVED :06 /01/2025
ACCEPTED :16/02/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

# جۆراوجۆری ئاواز لە دانراوی موزیکی کوردی: جینۆساید وەک نموونە

**سیروان محمد مصطفی /** بەشی هونەرەکانی موزیک،کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**ئاری قادر محمد/** بەشی هونەرەکانی موزیک/ پەیمانگای هونەرەجوانەکان / وەزارەتی پەروەردە-

**وشە سەرەکییەکان:**
جۆراوجۆری ئاواز،
دانراوی موزیکی،
جینۆساید

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە باس لە پەیوەندی نێوان موزیکی کوردی و جینۆساید دەکات، لە ڕووی جۆراوجۆری ئاوازەوە تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان تێکەڵبوونی میلۆدییەکان و کارەساتەکانی جینۆسایدی کورد. بەمەبەستی بەدەرخستنی ڕۆڵی هونەری موزیک وەک هێمایەکی ناسنامەیی و ڕێگایەک بۆ پاراستن و گەیاندنی یادەوەریی ڕووداوە مێژووییەکان. وەک ئەو نەهامەتیيانەی کە بە درێژایی مێژوو بەرۆکی میللەتەکەمانی گرتووە، بەتایبەتی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەنجام درا، بووە هۆی وێرانبوونی سەدان گوندی کوردستان و لەناوبردنی مرۆڤی کورد بەجۆرەها شێواز. وەک وێنەی ئەو دەیان هەزار دانیشتووانەی کوردستان کەڕاگوازرانەوە بۆ شوێنەکانی تری عێراق و ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن کە لەلایەن سوپای عێراقەوە سەرپەرشتی دەکران، بەمانەشەوە نەوەستان، بەڵکو شێوازی دیکەیان گرتەبەر، وەک قڕکردنی ئێزیدییەکان لە شنگال ساڵی ٢٠١٤. کاریگەریي ئەو ڕووداوانە ڕەنگدانەوەی زۆری هەبوو لەسەر واقیعی کۆمەڵگە، بووبە بابەتی نیگەرانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەتی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان. ئەمەش وایکرد پسپۆرانی بواری موزیک لە ڕووی ناوەرۆکی سۆزداری و دەروونییەوە گرنگی پێبدەن، وەک ئامرازێک بەکاری بهێنن لەناو دانراوە موزیکییەکانیاندا، لەو بوارەشدا بابەتگەلێک هەن کە ئەو واقیعە وەبیر دێننەوە. بۆ ئەو مەبەستەش ئەم لێکۆڵینەوەیە بەو ناونیشانە دیاری کرا: (جۆراوجۆری ئاواز لە دانراوی موزیکی کوردی: جینۆساید وەک نموونە). توێژەران بەرهەمی دانەرێکی موزیکییان دیاریکرد بۆ شیکردنەوە کە دانراوە موزیکییەکەی پەیوەستە بەو ڕووداوانە، بەمەبەستی ئەوەی تێبگەین کە ئەم ئەزموونانە چۆن دۆکیۆمێنت کراون و چۆن ئەو بەرهەمانە ڕەنگدانەوەی چەقبەستوویی گەلی کورد و کولتوورەکەیان لە بەرامبەر جینۆسایدا نیشان دەدات، کە تا ئێستاش کاریگەرییەکانی لە دەروونی هەر تاکێکی کورددا دیارە ئەگەر لە هەرشوێنێکی ئەم جیهانە بن، هەروەها وەک بەڵگەیەک و شایەتحاڵێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بێت لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا. ئەو دانراوە موزیکییانە وەک ڕێزلێنانێک دادەنرێت بۆ ئەو کەسانەی کە بە ناڕەوا بەجێیان هێشتین و یادەوەرییان بە درێژایی مێژوو لەناخماندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١-١ پێشەکی :

موزیک زمانێکی گشتگیرە سنوورە جوگرافی و کولتوورییەکان تێدەپەڕێنێت، لە کۆنەوە بەشێکی دانەبڕاو بووە لە ژیانی مرۆڤ و کاریگەریی بەرچاوی هەبووە. موزیک هەڵگری ناسنامە و مێژووی کۆمەڵگەکانە، بەو پێیەی ڕەنگدانەوەی بەها و داب و نەریتی هەیە و کاریگەریی لەسەر دروست دەکات، لە ڕێگەی مێلۆدییە ئاینییەکان، گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان، یان موزیکی کلاسیک و هونەرە مۆدێرنەکان. موزیک ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە داڕشتن و پەرەپێدانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگە. هەروەها دەتوانرێت موزیک هەژمار بکرێت وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ یەکخستنی مرۆڤەکان لە سەرانسەری کولتوورە جیاوازەکاندا.

"گەلی کورد تووشی چەندین تەنگانە و کارەسات بووە، لەوانە کۆمەڵکوژی کە جێپەنجەی قووڵی لەسەر ناسنامە و کولتوورەکەی بەجێهێشتووە. لە دیارترین ئەو ڕووداوانە ئۆپەراسیۆنی ئەنفال، کارەساتی هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٨، جینۆسایدی ئێزیدییەکان ساڵی ٢٠١٤" (حسن؛ زين الدين، ٢٠٢٣، ل١٤٣)، بێجگە لەو ئاوارەیی و کۆمەڵکوژییە بەکۆمەڵانەی کە بە درێژایی مێژوو کورد لە چەند ناوچەیەکدا تووشی بووە. لەم هەلومەرجەدا موزیک وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ دەربڕینی خەم و تووڕەیی و لەدەستدان و خۆڕاگری سەریهەڵدا. ئاوازدانەرانی کورد لە ڕێگەی مێلۆدیەکانیانەوە ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لە بەڵگەنامەکردنی ئەو کارەساتانە، بەمەبەستی پێکهێنانی یادەوەرییەکی بەکۆمەڵ کە ڕەنگدانەوەی ئازاری بەکۆمەڵ و هەستکردن بە خۆڕاگری بێت.

ئەم توێژینەوەیە باس لە گۆڕان و جۆراوجۆری مێلۆدییەکان دەکات کە موزیکدانەرانی کورد داهێنانیان کردووە لەڕێگەی تێکەڵکردنی میراتی نەریتی کوردی لەگەڵ موزیکی کلاسیک یان هاوچەرخ، بە ئامانجی دابینکردنی دیدێکی هەمەلایەنە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی موزیک وەک ئامرازێک بۆ گەیاندن و بەڵگەنامەکردنی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانە لەلایەک و دەربڕینی هیوا، جۆشدانی خۆڕاگری و ناسنامەی کوردایەتی و ڕۆحی مرۆڤایەتی لەلایەکی تر.

## ١-٢ کێشەی توێژینەوە:

ئەو جینۆسایدەی کە گەلی کورد بە تایبەتی لە کاتی هەڵمەتی ئەنفالدا تووشی بوو، بە یەکێک لە دیارترین ڕووداوە مێژووییەکان دادەنرێت کە کاریگەریی قووڵ و بەردەوامی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی هەبووە. موزیکی کوردی نوێنەرایەتی ئامرازێکی گرنگی دەربڕینی ئەو ئەزموون و ڕووداوانە دەکات، بەو پێیەی ئەو دانراوە موزیکییانە بۆ بەبەڵگەنامەکردنی کارەساتەکان و پاراستنی یادەوەری کولتووری بۆ نەوەکانی داهاتوو بەکاردەهێنرێن.

جینۆساید نوێنەرایەتی یەکێک لە ڕووداوە دڵتەزێن و ئاڵۆزەکانی مرۆڤ دەکات، ئامانج لێی نەهێشتنی گرووپە نەتەوەیی، ئاینیی یان کولتوورییەکانە. بە تێپەڕبوونی کات ئەم ڕووداوە ترسناکانە نەک هەر بوون بە بابەتی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، بەڵکو بوون بە سەرچاوەی ئیلهام و بیرکردنەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی هونەر وەک: ئەدەب، سینەما، موزیک. لەم چوارچێوەیەدا موزیک ڕۆڵێکی تایبەت و ناوازەی هەبووە لە وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕووداوە کارەساتبارانە، جا چ بە دەربڕینی ئازار و مەینەتی یان یادکردنەوەی قوربانییەکان. لە ڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە، هەوڵدەدەین لەپەیوەندی نێوان موزیک و جینۆساید بکۆڵینەوە، و چۆن مێلۆدییەکان توانیویانە گێڕانەوەی فرە و هەمەچەشنی ئەم ڕووداوانە پێشکەش بکەن.

کێشەی توێژینەوەکە لەوەدایە کە چۆن ئەم ڕووداوانە لە گۆڕانکارییە میلۆدییەکانی موزیکی کوردیدا ڕەنگ دەدەنەوە؟ ئایا میلۆدییەکان بوونەتە ئامرازی بەبەڵگەنامەکردن، خۆڕاگری، یان دەربڕینی خەم و هیوا؟

## ١-٣ گرنگی توێژینەوە:

١- تیشک خستنە سەر ڕۆڵی موزیک لە بەڵگەنامەکردن و بەرجەستەکردنی جینۆسایدی گەلی کورد.

٢- چۆنییەتی بەکارهێنانی موزیک وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی ئازار و نەهامەتییەکان بەمەبەستی نوێکردنەوەی بەڵێنی بەزیندوو هێشتنەوەی یادی جینۆساید.

٣- ئەم توێژینەوەیە بەشدارە لە فراوانکردنی ئاسۆی توێژینەوە ئەکادیمییەکان لەسەر موزیکی کوردی، لەڕێگەی بەستنەوەی شیکاری موزیکی لە چوارچێوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیدا، تێڕوانینێکی قووڵتر بۆ پەیوەندی نێوان موزیک و شوناسی کولتووری دەرەخسێنێت.

**١-٤ ئامانجی توێژینەوە:**

١ - ناساندنی میلۆدییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئاوازدانەری کورد لەڕووی تەوەر و شێوازەوە کردوویەتی لە دانراوە موزیکییەکاندا.

٢- تیشک خستنە سەر ڕۆڵی موزیک لە بەبەڵگەنامەکردن و هێشتنەوەی ئەو دڕندەییانە لەهزری تاکی کورد و مرۆڤایەتی لە هەموو جیهان.

٣- هەڵسەنگاندنی گرنگی موزیک لە بەرزکردنەوەی خۆڕاگری کولتووری و دەروونی گەلی کورد و بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکی کۆمەڵگە.

٤- لە ڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە، هەوڵدەدەین لەپەیوەندی نێوان موزیک و جینۆساید بکۆڵینەوە، و چۆن مێلۆدییەکان توانیویانە گێرانەوەی فرە و هەمەچەشنی ئەم ڕووداوانە پێشکەش بکەن.

**١- ٥ سنووری توێژینەوە:**

**سنووری شوێن:** هەرێمی کوردستان

**سنووری کات:** ساڵی ٢٠٠٧

**سنووری بابەت:** جۆراوجۆری ئاواز لە دانراوی (گۆڕستانی چراکان) دانانی (سەلاح ڕەئوف).

**١-٦میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە:**

بۆ گەیشتن بە ئامانج و پێداویستییەکانی توێژینەوە، توێژەران شێوازی وەسفی و شیکاری پەیرەو دەکەن.

**١-٧ کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

دانراوە موزیکییە ئۆرکسترایییەکانی سەلاح ڕەئوف لە داڕشتنی مێلۆدییە دانراوەکاندا.

**١-٨ نموونەی توێژینەوە:**

توێژەران بۆ هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە بە شێوەیەکی مەبەستدار بەرهەمی هونەرمەند سەلاح ڕەئوف (گۆڕستانی چراکان)یان هەڵبژارد، لەدانراوە موزیکییەکەدا تیشک دەخرێتە سەر جۆراوجۆری ئاواز لە ئاوازە سەرەکییەکەدا.

**١-٩ شیکاری نمونەیی:**

کۆمەڵێک جۆری مێلۆدی لەخۆدەگرێت کە لە پێکهاتەکەدا بەکاردەهێنرێن.

**١- ١٠ دەستنیشانکردنی چەمکەکان:**

**١- ١٠ -١ جۆراوجۆری ئاواز:**

جۆرێکە لە داڕێژراوی پێکهاتەیی، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزەهەم، بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەردەکەوێت، یان وەک یەکێک لە جووڵەکانی بەرهەمێکی موزیکی وەک بۆتەکانی سۆناتا، سەمفۆنیا، ئەم کارە لەسەر بنەمای خستنەرووی مێلۆدی بنەرەتی و پاشان چەند بارە گۆڕانکاری مێلۆدی، ڕیتمی یان هارمۆنی دادەڕێژرێتەوە. (عواطف عبدالكريم، ٢٠٠٠، لا١٤٩).

**توێژەران لەڕووی ڕێکارەوە جۆراوجۆری ئاواز بەم شێوەیە پێناسە دەکەن:**

شێوازێکی تەکنیکییە کە گۆڕانکارییەکی سنووردار بەسەر توخمەکانی (ڕیتم، هارمۆنی، نەخشاندن (ئۆرنەمێنت)، لە ئاوازە بنەڕەتییەکەدا دێت، ئەم کارەش ڕەنگدانەوەی تواناو لێهاتوویی ئاوازدانەرە کە هەمەچەشنی و دەوڵەمەندی بە کارە موزیکییەکە دەبەخشێت.

### ١- ١٠ -٢ دانراوی موزیکی:

بریتییە لەهونەری دارِشتن و هەماهەنگی رِۆڵی ئامێرەکانی موزیک (Instrumental Music) و دەنگی مرۆیی (لیریک) (Vocal Music) بۆ بەرهەمێکی موزیکی بەپێی دیدگای ئاوازدانەر یان موزیکدانەر کە بەهۆیەوە جوانی ئاوازەکە و هاوشانی هارمۆنی پیشان دەدرێت. (درویش، ٢٠١٩، لا٢٢٩).

### توێژەران لەرِووی رِێکارەوە دانراوی موزیکی بەم شێوەیە پێناسە دەکەن:

بەرهەمێکی ئامێری و دەنگی ئاوازدانەرە لە رِێگەی توخمەکانی موزیکەوە (ئاواز، رِیتم، هارمۆنی) بە ئامانجی پێشکەشکردنی لەرِێگەی کۆمەڵێک ئامێر یان دەنگی مرۆیی.

### ١- ١٠ -٣ جینۆساید:

زاراوەیەکە لە دوو برگە پێکهاتووە، جینۆ (Genos) وشەیەکی گریکییە بەواتای رِەگەز یان بنەچە دێت، ساید (cide) وشەیەکی لاتینییە بە واتای لەناوبردن و پاکتاوکردن دێت، هەردوو وشەکە بەواتای پاکتاوی رِەگەزی دێت (Dan, 2005, P541).

### ٢- چوارچێوەی تیۆری: توێژینەوەکە بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە:

**یەکەم: چوارچێوەی تیۆری**

**دووەم: چوارچێوەی شیکاری پراکتیزەیی**

**یەکەم: چوارچێوەی تیۆری**

**یەکەم**

### ٢-١ سەرەتای سەرهەڵدانی چەمکی جینۆساید:

جینۆساید یەکێکە لەو تاوانانەی کە کاریگەریی لەسەر مافەکانی مرۆڤ هەیە، بەتایبەتی مافی مرۆڤ بۆ ژیان. مێژووی مرۆڤایەتی چەندین تاوانی جینۆسایدی بەخۆوە بینیوە، دەرهاویشتەی ئەم تاوانانە دەبێتە هۆی جێ هێشتنی کۆمەڵێک کاریگەریی دەروونی گەورە لەسەر ئەندامانی ئەو گروپانەی کەتووشی ئەو تاوانانە دەبن. ئەگەر بە زانستی چارەسەر نەکرێن، کارەساتی گەورەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیشی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە کاردانەوەی توندوتیژی بەرامبەر گرووپە سەرپێچیکارەکان.

وەک زاراوە جینۆساید بۆ یەکەمجار لەلایەن شارەزای یاسایی پۆڵەندی (رِاڤائیڵ لیمکین Lemkeln Rafal) لە شاری مەدریدی ئیسپانیا لە ساڵی (١٩٣٣) لەکۆنفرانسێک بەکارهاتووە و لەساڵی (١٩٤٢) ئەم زاراوەیەی بەنووسین تۆمارکردووە. ئەم یاسانامە تەواوی خێزانەکەی بەدەستی ئەڵمانەکان لەناو بردراوە. لەساڵي (١٩٣٣) لەکوردستان جینۆساید لە سیمێل لەلایەن رِژێمی عێراق دژ بەهاوڵاتیانی ئاشووری ئەنجامدرا ئەم جۆرە لەساڵانی دواتریش بەردەوامی هەبووە لەکوردستان و جیهان، لەبەر ئەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵیدا بە دۆزینەوەی ئامرازی پێویست بۆ رِێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانە، کە لە پەرەپێدانی پەیماننامەی نەهێشتن و سزادانی تاوانی جینۆساید لە ساڵی ١٩٤٨ نوێنەرایەتی کرد (حامد؛علي، ٢٠٢٤، لا٢٠٦).

### ٢-١-١ جۆرەکانی جینوساید:

### ٢-١-١-١ جینوسایدی جەستەیی:

بریتییە لە کوشتن و لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵگە، بەشێوەیەکی رِاستەوخۆ یان نارِاستەوخۆ، وەک (گولەبارانکردن، زیندەبەچاڵکردن، شوێن بزرکردن، لەسێدارەدان و بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ)(سلێمان، ٢٠١٧، لا٣١٣). بۆ نموونە کیمیا بارانکردنی شار و لادێیەکانی کوردستان بەتایبەت شاری هەڵەبجە و ناوچەی بالیسان، بەکارهێنانی چەکی فسفۆری، زیندەبەچاڵکردنی ئەنفالکراوەکان لەبیابانەکانی خۆرئاوای عێراق، کوشتن و لەناوبردنی بارزانییەکان و کوردەفەیلییەکان. بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێ ساڵی ١٩٧٤ بەبۆمبی ناپاڵم، ئەمانە دیارترین جۆری جینۆسایدی جەستەیین لەلایەن رِژێمی عێراق دژ بەگەلی کوردستان.

**٢-١-١-٢ جینۆسایدی کەلتووری:**

قەدەغە کردنی زمانی دایک وە شێواندنی کەلتووری کۆمەڵە مرۆڤێک و سڕینەوەی شوێنەواری شارستانی و مێژوویی دەگرێتەوە. کەئەمەش خۆی لە وێرانکردن و شێواندنی شوێنە دێرینەکاندا دەبینێتەوە کەئەمەش ناسنامەی مێژوویی دانیشتوانی ناوچەکەن.

**٢-١-١-٣ جینۆسایدی بایۆلۆجی:**

بریتییە لە ڕێگرتن لە وەچە نانەوە و زۆر بوون و گەشەسەندنی کۆمەڵگە. بۆ نموونە لە شاڵاوەکانی ئەنفالی ساڵی (١٩٨٨) لەکوردستان پەیڕەو کرا.

**٢-١-١-٤ جینۆسایدی ئابووری:**

بریتییە لەبرسیکردنی دانیشتوان لەڕێگەی وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری و تەختکردنی کێڵگە کشتوکاڵییەکان و لەناوبردی سەرچاوە ئاوییەکان و پەیڕەوکردنی (سیاسەتی زەویی سووتاو) و ڕێگریکردن لەکارکردن بۆ بژێوی ژیان. بۆ نموونە تێکدان و چۆڵکردنی زیاتر لە (٤٥٠٠) گوندی کوردستان (عمر؛ سادق، ٢٠٢٣، لا١٧).

**دووەم:**

**٢-٢ موزیک وەک ئامرازێک بۆ بەڵگەنامەکردنی جینۆساید:**

موزیک، وەک جۆرێک لە دەربڕینی کولتووری، هەمیشە ئامرازێک بووە بۆ دەربڕینی هەستی مرۆڤ و بەڵگەنامەکردنی ڕووداوە مێژووییەکان. لە چوارچێوەی جینۆسایددا، "موزیک نەک تەنها وردەکاریی کاتی ڕووداو یان بواری سیاسی بەڵگە دەکات یان یادی دەکاتەوە، بەڵکو هەوڵدەدات هەست و سۆزی مرۆڤایەتی پەیوەست بەو ڕووداوانە بگەیەنێت. بەمەبەستی تۆمارکردنی چیرۆک و ئەزموونەکان کە ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات لەبیر بکرێن یان لەدەست بچن"( Pitic, 2017, P65). هەروەها بە ڕێگەیەکی بەهێز دادەنرێت بۆ دەربڕینی ئێش و ئازاری بەکۆمەڵ. بە شێوەیەک موزیک لە توانایدایە سنوورە زمانەوانی و کولتوورییەکان تێ بپەڕێنێت.

**١- موزیک وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی ئازار و بەرخۆدان:**

جینۆساید خۆی لە خۆیدا ئازارێکی دەروونی گەورەی لەگەڵدایە. زۆرجارم ڕزگاربووان و قوربانییەکان موزیک دەکەن بە ئامرازێک بۆ دەربڕینی ئازارەکانیان. گۆرانییەکان دەتوانن وردەکاری ئەو توندوتیژی و ستەم و بەرخودانانە بخەنە ڕوو، کە تاکەکان لەو ڕووداوە ترسناکانەدا تووشی بوون. موزیک هەستی دڵتەنگی و تووڕەیی و ماتەمینی بە شێوەیەک دەردەبڕێت کە ڕەنگە لە دەقی نووسراو یان گێڕانەوەی فەرمی کاریگەرتر بێت، چونکە پشت بە هەست و سۆز دەبەستێت و ڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر.

بۆ نموونە ئەو گۆرانییانەی لە لایەن ڕزگاربووانی ئۆردوگاکانی نازییەکانەوە نووسراون یان گوتراون، وەک گۆرانییەکانی "کابوسی خەم"ی هۆلۆکۆست. ئەو ئەزموونە تاکەکسییانە بەڵگەیەکی ڕاست و دروستە کەگوزارشت لە واقیعی توند و بەرەنگاربوونەوەی گۆشەگیرییان دەکات. هەروەها وێنەیەکی زیندوو لەو ترسناکییە دەخاتە ڕوو.

**٢- موزیک وەک ئامرازێکی پەروەردەیی: گواستنەوەی مێژوو بۆ نەوەکانی داهاتوو:**

موزیک لە توانایدایە بەربەستەکانی زمان تێپەڕێنێت و میدیایەکی پەروەردەیی کاریگەر بێت بۆ گەیاندنی مێژووی جینۆساید. بە بەکارهێنانی موزیک لە پرۆگرامە پەروەردەییەکان یان هەڵمەتەکانی هۆشیاریدا، گەنجان دەتوانن ئارەزووی تێگەیشتن لە قووڵایی و مانای ئەم ڕووداوانە بکەن. ئەو گۆرانیانەی کە وردەکارییەکانی ئەم دڕندەییانەی تێدایە، دەتوانن مێژوو سەرنجڕاکێشتر بکەن بۆ نەوەکان (Fisher, 2016, P1231).

**٣- موزیک و یەکخستنی کۆمەڵگەکان: ڕۆڵی لە بەرەوپێشبردنی پێکەوەژیان و ئاشتەوایی:**

موزیک میتۆدێکی پەروەردەیی کاریگەرە بۆ گواستنەوەی مێژوو بۆ نەوەی نوێ. ئەو بەرهەمانەی تایبەتن بە جینۆساید دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر سەرنجی نەوەکانی داهاتوو لە دڕندەییەکانی ڕابردوو ڕابکێشن و لەهەمان کاتدا ببێت بە ئامرازێکی گرنگ لە پێشخستنی ئاشتەوایی لە نێوان کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکان و یەکخستنی هەوڵەکان لە بنیاتنانی

داهاتوویەکی باشتردا. بۆ نموونە لە دوای جینۆسایدی ڕواندا، موزیک وەک ئامرازێک بەکارهێنرا بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتەوایی نیشتمانی و بنیاتنانی داهاتوویەکی هاوبەش لە نێوان ئەو کۆمەڵگەیانەی کە تووشی دڕندەیی بوون.

لەسەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی سەرەوە، وەک توێژەر دەتوانین بڵێین موزیک تەنیا ئامرازێکی هونەری نییە، بەڵکو ئامرازێکی بەهێزە بۆ بەبەڵگەنامەکردن و پەروەردەکردن و ئاشتەوایی لە دوای جینۆساید.

**سێیەم:**

**٢-٣ ڕەهەندە دەروونی و سۆزدارییەکانی موزیکی کوردی پەیوەست بە جینۆساید:**

موزیکی کوردی پەیوەست بە جینۆساید بێجگە لە ڕەهەندە هونەرییەکان، ڕۆڵێکی دەروونی گرنگ دەگێڕێت لە چارەسەرکردنی ئەو برینە دەروونییە قووڵانەی کە ئەو ڕووداوانە بەجێیان هێشتووە. مێلۆدییەکان دەتوانن ڕێگەیەک بن بۆ دەربڕینی هەستی تاکەکان هەروەها ئامرازێک بن بۆ چاکبوونەوەی بەکۆمەڵ. گەلی کورد بە گوێگرتن لەو ئاوازانە توانای ئەوەی هەیە یادەوەرییەکانی ڕابردوو وەبیر بهێنێتەوە و هەستی دڵتەنگی و تووڕەیی تێپەڕێنێت و لەبەرامبەردا هەستی ناسنامە و سەربەخۆیی بنیات بنێتەوە.

**١- دەربڕینی خەم و خەفەت و لەدەستدان**

گۆرانی کوردی پەیوەست بە جینۆساید زۆرجار تۆنێکی خەمناکیان هەیە، بەو پێیەی بۆ دەربڕینی لەدەست چوون و ئەو کارەساتانەی بەسەر تاک و پێکهاتەکاندا هاتووە بەکاردێت. وشەی خەمناک و موزیک شێوازێکە بۆ دەربڕینی هەستەکان کە بە ئاسانی بە قسەی ئاسایی دەرنابڕدرێن.

**٢- چەسپاندنی ناسنامەی کولتووری و بەرخۆدان**

گۆرانییە کوردییەکانی پەیوەست بە جینۆساید سەرەڕای ئەو ئازارانەی کە هەڵیدەگرن، هێمای بەرخۆدان و ئامرازێکی گرنگی خۆڕاگری و پاراستنی شوناسی کولتووری و پەیوەست بوون بە خاک و شانازی بە ناسنامەی کوردایەتییە. بەو شێوەیە موزیک دوو ڕۆڵ دەگێڕێت: دەربڕینی ئازار و بەرخۆدان لە یەک کاتدا (Human, 1993, P49).

**٣- موزیک وەک ئامرازێک بۆ سارێژ کردنی برینەکان و ئاشتەوایی**

لە ڕێوڕەسمی بەکۆمەڵدا موزیک بەکار دەهێنرێت بۆ چارەسەرکردن و ئاشتەوایی لەگەڵ ڕابردوو. لەم چوارچێوەیەدا موزیک، بە ناساندنی ئامێرە ڕۆژهەڵاتییەکانی وەک (شمشاڵ، تەمبور، باڵەبان) و ڕیتمە خاوەکان و مێلۆدییە خەمناکەکان، ڕۆڵی هەیە لە بەرزکر دنەوەی کاریگەریی سۆزداری گۆرانییەکانی پەیوەست بە جینۆساید. ئەو گۆرانیانەی کە هیوا بۆ داهاتوو و شانازی بە ناسنامە دەردەبڕن، ڕەنگە یارمەتیدەر بن لە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی زەبر و زەنگی دەروونی. موزیک لێرەدا وەک پردێک لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا کاردەکات، و یارمەتی دروستکردنی پەیوەندی نوێ دەدات لەسەر بنەمای خۆڕاگری و چاکبوونەوە.

**چوارەم:**

**٢-٤ شیکاریی جۆرەکانی مێلۆدی کوردی پەیوەست بە جینۆساید:**

موزیکی کوردی بەشێکی دانەبڕاوە لە میراتی کولتووری، بە هەمەجۆریی و دەوڵەمەندی مێلۆدییەکەی جیا دەکرێتەوە، ڕەنگدانەوەی مێژوو و کولتووری گەلی کوردە درێژ بووەتەوە بۆ چەندین سەدە. مێلۆدی کوردی پەیوەست بە جینۆساید بۆ دەربڕینی ئازار و یادەوەری تراژیدی بەکاردێت. ئەم مێلۆدیانە لە سروشتدا بە پشتبەستن بە زەمینەی سۆزداری و کولتووری جیاوازن و لە ڕووی شێواز و پێکهاتە و بەکارهێنانی ئامێر و دەربڕینی دەنگییەوە فرەچەشنی مێلۆدی نیشان دەدەن. توێژەران تیشک دەخەنە سەر دیارترین تایبەتمەندییە گشتییەکان لە شیکاریی جۆرەکانی مێلۆدی کوردی پەیوەست بە جینۆساید:

**١- هەمەچەشنی پەیژەی موزیک: تێکەڵەیەک لە خەم و هیوا**

مێلۆدی کوردی بە بەکارهێنانی پەیژەی موزیکی جۆراوجۆر بەتایبەتی پەیژەی بچووک و پەیژەی تایبەت بە موزیکی ڕۆژهەڵاتی وەک:حیجاز، بەیات تایبەتمەندە. هەر یەکێک لەوپەیژانە ڕەهەندە سۆزدارییە جیاوازەکان دەرئەبڕێت، لە خەمێکی قووڵەوە تا تێرامان و تەنانەت هیوا بۆ خۆڕاگری و داهاتوو (Parncutt, 2014, P327).

أ- **پەیژەی حیجاز:** بە شێوەیەکی باو لە موزیکی کوردیدا بۆ دەربڕینی هەستی ڕۆحی و پەیوەست بە ماتەمینی بەکاردێت. هەڵگری تۆنێکە کە خەم و هەستکردن بە تێپەڕاندنی ڕۆحی تێکەڵ دەکەن.

ب- **پەیژەی بەیات:** هەستێکی قووڵتری خەم و تێڕامان دەبەخشێت، زۆرجاریش پەیوەستە بەو گۆرانییانەی باس لە لەدەستدان و نادادپەروەری مێژوویی دەکات.

ت- **پەیژەی بچووک:** تۆنێکی ڕوون و خەمناک بە مێلۆدیەکان دەبەخشێت و زۆر گونجاوە بۆ ئەو گۆرانیانەی کە ئەزموونەکانی جینۆساید وەرئەگرن و جەخت لەسەر هەستەکانی نائومێدی و گۆشەگیری دەکات ( Gjuka, 2023, P36).

## ٢- هەمەچەشنکردنی ریتم: لە خاوەوە بۆ خێرا

ریتمەکانی ناو مێلۆدی کوردی پەیوەست بە جینۆساید بەپێی جۆری گۆرانی و سۆزداری جیاوازن. هەندێک لە مێلۆدیەکان پشت بە ریتمە خاوەکان دەبەستن کە خەمۆکی بەرز دەکەنەوە، لە کاتێکدا ڕەنگە مێلۆدییەکانی تر ریتمێکی خێراتر لەخۆ بگرن کاتێک وشەکان دەگۆڕێت بۆ دەربڕینی بەرگری یان خۆڕاگری.

أ- **ریتمی خاو:** لەو گۆرانیانەدا بەکاردێت کە گوزارشت لە خەم و خەفەت و لەدەستدانی قووڵ دەکات. ئەم ریتمانە کات دەدەن بە گوێگر بۆ ئەوەی بیر لە وشە و مێلۆدییەکان بکاتەوە.

ب- **ریتمی مامناوەند بۆ خێرا:** بەزۆری لەو گۆرانیانەدا بەکار دەهێنرێت کە باس لە بەرخۆدان و بوێری لە بەرامبەر ئازارەکاندا دەکەن. سەرەڕای خەمۆکی تێکستەکان، ڕەنگە ریتمی خێرا ئاماژە بێت بۆ هیوا یان ئیرادەی بەردەوام.

## ٣- جۆرەکانی ئامێر: بەکارهێنانی ئامێری نەریتی و هاوچەرخ

ئەو ئامێرە موزیکییانەی لە مێلۆدییە کوردییەکاندا بەکاردەهێنرێن، بەشدارن لە دەوڵەمەندکردنی فرەچەشنی موزیک، بەو پێیەی تێکەڵەیەک لە ئامێرە نەریتی و هاوچەرخ بۆ تیشک خستنە سەر کاریگەرییە سۆزدارییە جیاوازەکان بەکاردەهێنرێت.

أ- ئامێرە نەریتییەمیللیەکان: وەک شمشاڵ، باڵەبان، تەمبور، زورنا، و بوزوق، لەو گۆرانییانەدا بەکاردەهێنرێن کە لەسەر بنەمای مێلۆدی فۆلکلۆری کوردی دامەزراون و کارەکتەری بەهێزن بۆسۆزداری. ئەو ئامێرانە تۆنی درێژ و دووبارەبووەوە بەکاردەهێنن کە هەستی دڵتەنگی و یادکردنەوە بەرز دەکەنەوە.

ب- **ئامێرە** هاوچەرخەکان: لە هەندێک جۆریدا ئامێرە هاوچەرخەکانی وەک پیانۆ یان گیتار بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی هەستێکی هاوچەرخ بە ئاوازەکان بدرێت، لە هەمان کاتدا ڕۆحیەتی نەریتی گۆرانییەکە دەپارێزرێت ( Baumann, 2000, P131).

## ٤- هەمەچەشنی مێلۆدی: لە نێوان مێلۆدی سادە و ئاڵۆزدا

مێلۆدی کوردی پەیوەست بە جینۆساید، مێلۆدی سادە (مۆنۆفۆن) تیشک دەخاتە سەر دەنگی تاک و دەربڕینی مێلۆدی سادە، تا دەگاتە مێلۆدی ئاڵۆز (پۆلیفۆنی) کە چەندین چین لە دەنگ و ئامێر لەخۆدەگرێت.

أ- **مێلۆدی سادە:** پشت بە دووبارەبوونەوەی مێلۆدی جیاواز دەبەستن، لەگەڵ زۆرترین جەختکردنەوە لەسەر هێزی وشەکان و کاریگەریی دەنگەکە. لەم حاڵەتەدا مێلۆدی وەک پاڵپشتییەک بۆ ئەو تێکستانە بەکاردەهێنرێت کە چیرۆکی ئازارەکان دەگێڕنەوە.

ب- **مێلۆدی ئاڵۆز:** هەندێک جار، مێلۆدییەکان ئاڵۆزی و تۆناڵییان هەیە، بەو پێیەی دەنگەکان بە شێوەیەکی ورد لەگەڵ ئامێرەکاندا یەکتر دەبڕن، هەستکردن بە چەندین هەست و ململانێی ناوخۆیی دروست دەکەن. زۆرجار ئەم گۆڕانکاریانە بۆ دەربڕینی ململانێی هیوا و نائومێدی لە گۆرانییەکاندا بەکاردەهێنرێن (Feldman, 2017, P168).

## ٥- هەمەچەشنکردنی نمایشی دەنگی: لە گۆرانی وتن بە تاک بۆ کۆرس(کۆڕال):

نمایشی دەنگی لە مێلۆدییە کوردییەکاندا ڕەنگدانەوەی فرەچەشنی شێوازەکانی دەربڕینی هەستەکانە. ئەم هەمەچەشنییە لە گۆرانی وتن بە تاک دەست پێدەکات کە سەرنج دەخاتە سەر دەنگی گۆرانیبێژێک، تا دەگاتە ئەو کۆرالانەی کە دەنگێکی بەکۆمەڵ زیاد دەکەن کە ڕەنگدەدانەوەی ئەزموونی ئازاری بەکۆمەڵە.

أ- **گۆرانی وتن بە تاك:** لەو گۆرانیانەدا بەکاردێت کە چیرۆکێکی کەسی یان ئەزموونی تاکەکەسی لەگەڵ جینۆسایدا دەگێڕێتەوە، کە دەنگی گۆرانبێژ ڕاستەوخۆ هەست و سۆزی تاکەکەسی دەردەبڕێت.

ب- **کۆرس (کۆڕال):** لەو گۆرانیانەدا بەکاردێت کەگوزارشت لە ئەزموونە بەکۆمەڵەکان دەکات و بەشدارە لە تیشک خستنە سەر یەکڕیزی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە.

### ٦- گۆڕانی سۆزداری لەناو مێلۆدیەکاندا

مێلۆدییە کوردییەکان کە پەیوەستن بە جینۆساید، گۆڕانکاریی هەستیاری بەرچاو لەخۆ دەگرن، کاتێک مێلۆدییەکە بە تۆنێکی خەمناک دەست پێدەکات و دواتر دەچێتە تۆنێکی گەشبینانەتر یان بە پێچەوانەوە. ئەم گۆڕانکارییە ڕەنگدانەوەی ململانێی ناوخۆیی نێوان هەستی دڵتەنگی و هیوایە.

أ- **گواستنەوە لە خەمەوە بۆ هیوا:** هەندێک مێلۆدی بە تۆنی خەمناک دەست پێدەکات کە نوێنەرایەتی ئازارەکان دەکات، پاشان دەچێتە سەر تۆنگەلێکی گەشبینانەتر کە گوزارشت لە هیوا یان خۆڕاگری دەکات. ئەم گۆڕانکارییە سۆزداریانە خزمەت بە تیشک خستنە سەر ئەو هێزە ناوەکییە دەکات کە مرۆڤەکان لە بەرامبەر ناخۆشییەکاندا دەیدۆزنەوە.

ب- **گواستنەوە لە هیواوە بۆ خەم:** مێلۆدییەکە بە تۆنێکی ئارام یان گەشبینانە دەست پێدەکات و دواتر وردە بەرەو خەم و پەژارە بەرزدەبێتەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆبەدەستەوەدانە بە هەست و سۆزە ئازاربەخشەکان یان بیرهێنانەوەی دڵتەزێنی ڕووداوەکانە.

### دووەم: چوار چێوەی شیکاری پراکتیزەیی

### شیکاری نمونەیی:

کۆمەڵێک جۆری مێلۆدی لەخۆدەگرێت کە لە پێکهاتەکەدا بەکاردەهێنرێن.

- **پێوەری شیکاری دانراوی ئۆرکسترالی:**

| | |
|---|---|
| ناوی بەرهەم | گۆرستانی چراکان |
| دانەر | سەلاح ڕەئوف |
| ساڵی دانان | ٢٠٠٧ |
| زاراوە | سۆرانی |
| جۆری بەرهەم | دانراو |
| شێواز | شێوازی فیوگ |
| جۆری پەیژە | لامێجەر ، مقام حجازکار لەسەر می، |
| ڕەگەز |   |
| ژ.جووڵە | ١ |
| بواری دەنگی |   |
| ڕێبەری کێش | 2/4 4/4 10/8 |
| خێرایی | ♩= 146, 180, 190 Allegro |
| ژمارەی مازورە | ٩٦٣ مازورە |

- سەرەتای دەست پێکی دانراوەکە بە ڕیتمی 4/4 ( ) دەست پێدەکات
لە باڕی (٦-١٢) TA




- لەباڕی (٨،٧،٦) پێشەکی (Intro) ئامێرەکانی (چەلۆ، کۆنترا باس، پیانۆ).




- لە باڕی (١٢،١١،١٠،٩) ڤارییەیشن دەگوازرێتەوە بۆ ئامێرەکانی (ڤایۆلین ١، ڤایۆلین ٢، چەلۆ، کۆنتراباس، پیانۆ). بەشێوازێک لای ئامێرەکانی (چەلۆ، کۆنتراباس) ئاراستەی ڤاریەیشنی ئاوازەکە پێچەوانەی ئاراستەی ئامێرەکانی (ڤایۆلین ١، ڤایۆلین ٢) دەبێت.




- لە باڕی (١٣–٢٠) دووبارەی (TA) لای ئامێرەکان لەگەڵ زیاد کردنی کۆراڵ (سۆپرانۆ، ئاڵتۆ، تینۆر، باس) بەگۆڕینی ڤاریەیشن بۆ یەک تۆن لەهەر چینە دەنگییەک.




- لەباڕی (٢١–٢٨) ڤاریەیشنی ئاوازەکە بەردەوام دەبێت لای ئامێرەکانی (چەلۆ، کۆنترا باس، پیانۆ).




- لەباڕی (٢٩–٣٦) ئاوازەکە دەگوازرێتەوە بۆ کۆراڵ (سۆپرانۆ، ئاڵتۆ) بەڵام دەنگی (تینۆر، باس) یەک تۆن دەبێت.



- لەباڕی (٣٦) ئامادەکاری کراوە بەتەکنیک کرۆماتیک بۆ ئاوازی دووەم (TB).




- لەباڕی (٣٧-٤٨) ڤاریەیشن بەکارهێنراوە بۆ ئامێرەکانی (ڤایۆلین ١، ڤایۆلین ٢، چەلۆ، کۆنترا باس) پیانۆ لە چینی سۆپرانۆ لەگەڵ کۆراڵ (سۆپرانۆ، ئاڵتۆ، تینۆر، باس).






- لەباڕی (٤٩-٥١) ڤاریەیشنی ئاوازی (TA) بەکارهێناوەتەوە بۆ ئامێرەکانی (چەلۆ، کۆنترا باس، پیانۆ).




- لەباڕی (٥٢-٥٥) ڤاریەیشنی گواستۆتەوە بۆ (چەلۆ، کۆنترا باس)، چینی باس بەئامێری (پیانۆ).
-



- لەبارِی (٥٦-٦٣) ئاوازی (TA) دووبارەکردۆتەوە لای ئامێرەکان (چەلۆ، کۆنترا باس) پیانۆ لە چینی سۆپرانۆ لەگەڵ کۆراڵ (سۆپرانۆ، ئالتۆ، تینۆر، باس). بەڵام لە بارِی (٦٠-٦٢) دووبارەکردۆتەوە لای ئامێرەکان (ڤایۆلین ١، ڤایۆلین ٢).




- لەبارِی (٦٣ (ئامادەکاری کراوە بەتەکنیک کرۆماتیک بەئامێرەکانی (ڤایۆلین ١، ڤایۆلین ٢، پیانۆ) لە چینەکانی (سۆپرانۆ، ئالتۆ). بۆ ئاوازی دووەم (TB).




- لەبارِی (٦٤-٧٥) ئاوازی دووەم (TB) بەکارهاتووە بەئۆکتافێک بەرزتر بۆ ئامێری (ڤایۆلین ١)




- لەبارِی (٧٦–٨٣) ڤایۆلین١ ئاوازی یەکەم (TA) دەژەنێت، ئامێرەکانی (چەلۆ، کۆنترا باس، پیانۆ) لەگەڵ کۆراڵ (سۆپرانۆ، ئاڵتۆ) ئاوازی جۆراوجۆری نوێ بەکارهاتووە بە شێوازی پۆلیفۆنی هاوشانی ئاوازی یەکەم (TA) لەبارِی (٨٠–٨٣) کۆراڵ (سۆپرانۆ، ئاڵتۆ) نامێنێت دەگوازرێتەوە بۆ چینی دەنگی (تینۆر، باس). لەهەمان کاتدا لەبارِی (٧٧–٨٣) ڤایۆلین٢ هەمان ئاواز دەژەنێت بەڵام بە میانەی پۆلیفۆنی چواری تەبای خوارجوو.




- لەبارِی (٨٤–٩١) ئاوازی نوێ (TC) بەکارهاتووە بۆ ئامێرەکانی (ڤایۆلین ١، ڤایۆلین ٢، چەلۆ، کۆنتراباس، پیانۆ) کۆراڵ (سۆپرانۆ، ئاڵتۆ، تینۆر، باس).




- لەباڕی (٩٢–٩٩) دووبارە ئاوازی دووەم (TB) بەکارهاتووە وەک باڕەکانی (٩٦–٩٩) بەگۆڕانکاری ئامێری (ڤایۆلین ١) ئۆکتافێک سەرووتر.




- لەباڕی (١٠٠–١١١) ئامێرەکانی (چەلۆ، کۆنترا باس، پیانۆ) ئاوازی یەکەم (TA) دووبارە دەکەنەوە بە گۆڕانکاری لەباڕی (١٠٣–١٠٦) کە ڤایۆلین ٢ بەشێوازی فوگە هەمان چینی ئاوازەکەی دووبارەکردۆتەوە.
لەباڕی (١٠٧–١١١) کۆراڵ (سۆپرانۆ، ئاڵتۆ، تینۆر، باس) بەردەوام دەبێت.





## ئەنجامەکان:

ئاوازدانەر ئەم ئەزموونە پڕ لە ئازارەی بە بەکارهێنانی چەند میلۆدیەک دەربڕی بۆ بەرجەستەکردنی هەستەکانی دڵتەنگی و بەرەنگاربوونەوە و هیوا. تێگەیشتنێکی قووڵتر دەدات لە چۆنیەتی بەکارهێنانی موزیک وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی ناسنامەی کولتووری و خەباتکردن بۆ مانەوە لە بەرامبەر تەحەددیاتەکاندا.

ئەم کارەش بە تێکەڵکردنی میلۆدییە نەریتییەکانی کوردی لەگەڵ شێوازە موزیکییە مۆدێرنەکان تایبەتمەندە، ئەمەش گوزارشت لە ئەزموونی کەسیی خۆی و مێژووی گەلەکەی دەکات.

ئاوازی سەرەکی بەشێوەیەکی هونەری و زانستی بەکار هێناوە لەگەڵ گواستنەوەی بۆ ئامێرەکانی دیکە، ئەم کارەش جۆراوجۆرەکانی ئاوازی زیاترکردووە.

لەکۆتاییدا بەم خاڵانەی خوارەوە گەیشتین:

١- جۆراوجۆری ئاواز لە باری (١٢،١١،١٠،٩) دەگوازرێتەوە بۆ ئامێرەکانی (چەلۆ، کۆنتراباس) ئاراستەی جۆراوجۆری ئاوازەکە پێچەوانەی ئاراستەی ئامێرەکانی (ڤایۆلین ١، ڤایۆلین ٢) دەبێت.

٢- جۆرێکی تر لە جۆراوجۆری ئاواز پێکهاتووە لە گواستنەوەی ئاوازەکە بۆ ئۆکتافێک سەرووتر.

٣- فۆرمیی فوگە بەکارهاتووە لەڕووی موزیکەوە لەلایەن ئامێرەکانی (ڤایۆلین ١، ڤایۆلین ٢، چەلۆ، کۆنتراباس، پیانۆ).

٤- جۆراوجۆری نوێ هاوشانی ئاوازە سەرەکییەکە بە شێوازی پۆلیفۆنی بەکار هاتووە.

٥- جۆراوجۆری ئاواز ( A، B، C) دووبارە دەبێتەوە بەدوو شێواز:

أ- (Augment) وەک نموونە لە باری ژمارە (١٢٧-١٣٨).

ب- (Diminution) وەک نموونە لە باری ژمارە (١١٤-١٢٣).

## دەرەنجامەکان:

1- میلۆدی کوردی پەیوەست بە جینۆساید لە ڕووی کێش و ڕیتمە موزیکییەکانەوە جیاوازە، هەروەها بەکارهێنانی ئامێرە موزیکییە نەریتی و هاوچەرخەکان. ئەم فرەچەشنییە میلۆدییە ڕێگە بە موزیکی کوردی دەدات کە گوزارشت لە هەست و سۆزێکی بەرفراوان بکات، لە خەمێکی قووڵەوە تا هیوا و بەرخۆدان. گۆڕانکارییە موزیکییەکان کاریگەری میلۆدیەکان بەرز دەکەنەوە و دەیانکاتە ڕێگەیەکی بەهێز بۆ دەربڕینی ئەزموونی قووڵی مرۆیی پەیوەست بە جینۆساید.

2- جۆراوجۆری ئاواز لە موزیکی کوردیدا بەندە بە بنەمای "دوبارەبوونەوە لەگەڵ گۆڕانکاری"، کە بەزۆری مێلۆدییەکە بە دەستەواژەیەکی سادەی موزیکی دەستپێدەکات کە هەر جارێک لەگەڵ زیادکردنی گۆڕانکارییەکی کەمدا دووبارە دەبێتەوە، جا چ لە ڕیتم، تۆن، یان چینە دەنگییەکان بێت . ئەم دووبارەکردنەوە و گۆڕانکارییە بە تامەزرۆییەوە سەرنجی گوێگر ڕادەکێشێت.

3- گۆڕانکارییەکان بەندە بە "گواستنەوەکانی مەقام"، کە گواستنەوە لە مەقامێکەوە بۆ مەقامێکی تر وردە وردە یان لەناکاو ڕوودەدات، ئەمەش فرەچەشنی میلۆدی و هەستکردن بە گۆڕانی بەردەوام لەناو مێلۆدییەکدا دروست دەکات.

4- ئاوازدانەرانی کورد لە ڕێگەی بەکارهێنانی جۆراوجۆری ئاوازەوە دەتوانن ساتەوەختە مێژووییەکان لە ئاوازەکانیاندا دابڕێژنەوە، بەجۆرێک تەنها بەبەڵگەنامەکردن نەبێت بەڵکو دیدێکی فەلسەفی بۆ شوێنی کورد لە جیهاندا پێشکەش بکات

5- تێکەڵکردنی فۆرمەکانی موزیک: ئاوازدانەری موزیک هەوڵدەدات توخمە جیاوازەکان (موزیکی نەریتی لەگەڵ فۆرمەکانی موزیکی هاوچەرخ) تێکەڵ بکەن بە مەبەستی بەرهەمهێنانی بەرهەمێک کە گوزارشت لە ئەزموونە مێژوویی و تاکەکەسییەکانی خۆیان بکات.

## پێشنیارەکان:

1- هاندانی توێژەران بۆ نوسینی توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر کاریگەری جینۆساید لەسەر موزیکی کوردی و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوانە لە بەرهەمە موزیکییەکاندا، ئەمەش یارمەتیدەردەبێت بۆ پەرەپێدانی زانیاری زیاتر و تێگەیشتنێکی قووڵتر لەم بوارەدا.

2- هاندانی ئاوازدانەران بۆ ئاوێتەکردنی شێوازە موزیکییە تەقلیدییە کوردییەکان لەگەڵ شێوازە کلاسیکییەکانی ڕۆژئاوا، دروستکردنی شێوازی نوێ کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی جینۆساید بێت و دەنگێکی هونەری هاوچەرخ بخاتەڕوو.

## سەرچاوەکان:


### بە زمانی کوردی:

- عمر ڤیان؛ نارین سادق، (٢٠٢٣): کوردۆلۆجی جینۆساید، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.
- سلێمان، تەها، (٢٠١٧): جینۆساید لەباشووری کوردستان: ڕابوردوو، ئێستا و ئایندە، لێکەوت و کاریگەریی و ئەرکەکان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٧٧).

### زمانی عربی:

- حامد، أحمد أسامة؛ علي، عبد العزيز رمضان، (٢٠٢٤): جريمة الإبادة الجماعية"الإيزيديين نموذجا"، مجلة الرافدين للحقوق، المجلد ٢٤، العدد ٨٦.
- حسن، جنار نامق؛ زين الدين، محمد جياد، (٢٠٢٣): اطر التغطية الاعلامية المعتمدة في موقع الجزيرة تجاه الإبادة الجماعية للأقليات الدينية في العراق، مجلة آداب الفراهيدي، جامعة تكريت، عدد (٥).
- درويش، رامي، (2019): التوزيع الموسيقي، الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق.
- عواطف عبدالكريم، (٢٠٠٠): معجم الموسيقى، الهيئة العامة للشؤون المطابع، القاهرة.

### بە زمانی ئینگلیزی:

- Baumann, M. P. (2000). The local and the global: Traditional musical instruments and modernization. the world of music, 121-144.
- Feldman, W. (2017). The Art of Melodic Extension within and beyond the Usul. Rhythmic Cycles and Structures in the Art Music of the Middle East.
- Fisher, A., & Gilboa, A. (2016). The roles of music amongst musician Holocaust survivors before, during, and after the Holocaust. Psychology of Music, 44(6), 1221-1239.
- Gjuka, B. (2023). Intercultural Musical Creation Drawing on the Theory and Practice of Turkish Models.
- Human Rights Watch. (1993). Genocide in Iraq: The Anfal Campaign Against the Kurds. New York.
- Parncutt, R. (2014). The emotional connotations of major versus minor tonality: One or more origins? Musicae Scientiae, 18(3), 324-353.
- Pitic, B. (2017). The Sound of Genocide: Music, Memory, and Commemoration in Postwar Bosnia. University of California, Los Angeles.
- Roth, J. (2005). Genocide and human rights: A philosophical guide. Springer.
- Stone, Dan (2005) Raphael Lemkin on the Holocaust. Journal of Genocide Research. Vol 7, No 4, pp 539-550.

**التنويعات اللحنية في مؤلفات الموسيقى الكردية: الإبادة الجماعية نموذجا**

**سيروان محمد مصطفى**
قسم الموسيقى،كلية الفنون الجميلة،جامعة صلاح الدين-أربيل،إقليم كوردستان،العراق
Seerwan.mustafa@su.edu.krd

**اري قادر محمد**
قسم الموسيقى-معهد الفنون الجميلة/وزارة التربية -أربيل
ariqadir65@gmail.com

**الملخص**

هذا البحث يناقش دور الموسيقى في التعبير عن أفكار وآلام شعب كردستان نتيجة المصاعب التي حلت بها عبر التاريخ، وخاصة عمليات الأنفال التي جرت في الثمانينيات، والتي أدت إلى تدمير مئات القرى في كردستان وعمليات الإبادة الجماعية بطرق مختلفة. مثال على ذلك نقل عشرات الآلاف من سكان كردستان إلى أجزاء أخرى من العراق ومراكز الاحتجاز التي كان يديرها الجيش العراقي، لم يتوقفوا عند هذا الحد، بل تبنوا أساليب أخرى، مثل إبادة اليزيديين في سنجار عام ٢٠١٤، كان تأثير هذه الأحداث مصدر قلق على واقع جميع شرائح المجتمع، خاصة المثقفين والفنانين. وقد دفع ذلك الخبراء في مجال الموسيقى إلى الاهتمام بمحتواها العاطفي والنفسي، واستخدامه كأداة فنية في مؤلفاتهم الموسيقية، وهناك العديد من الموضوعات في هذا المجال التي تذكرهم بهذا الواقع. لهذا السبب تم إختيار هذا العنوان (ڤاريشن في مؤلفات الموسيقى الكردية: الإبادة الجماعية نموذجا).

استخدم الباحثان مؤلفاً موسيقياً لتحليل موسيقاه التي كان مرتبطا بتلك الأحداث. من أجل فهم كيفية توثيق تلك التجارب وكيف تعكس هذه الإنتاجات صمود الشعب الكردي وثقافته في مواجهة الإبادة الجماعية التي لا تزال آثارها مرئية في نفسية كل فرد كردي، بغض النظر عن مكان وجوده في العالم، وكشاهد تاريخي واجتماعي في سياق القانون الدولي.

إن هذه الأعمال تعتبر تكريما لأولئك الذين تركونا ظلما وستظل ذكراهم حيا في أعماقنا ولن تزول أبدا.

**الكلمات المفتاحية:** التنوع اللحني، التأليف الموسيقى، الإبادة الجماعية.

**Variations in Kurdish Music: Genocide as an example**

**Seerwan Mohammed Mustafa**
Department of Music, College of Fine arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Seerwan.mustafa@su.edu.krd

**Ary kadir Mohammed**
Department of Music /Institute of Fine Arts/ Ministry of Education
ariqadir65@gmail.com

**Abstract**

This research explores the role of music in expressing the suffering of the Kurdish people due to the genocide they have faced throughout history, particularly during the Anfal operations of the 1980s, which led to the destruction of hundreds of Kurdish villages and the extermination of the Kurdish population in various ways. This includes the confinement of tens of thousands of its residents in detention centers overseen by the Iraqi army. The genocide did not cease there; it manifested in other forms and locations, including the massacre of the Yazidis in Shingal in 2014. Its effects have mirrored the realities of society, becoming a subject of concern for all segments of the cultural and artistic community. This has led specialists in the field of musical composition to examine and utilize it as a means of expressing collective pain, focusing on emotional and psychological content as a style in musical compositions, with themes that reflect this reality. The current research is focused on: " Variations in Kurdish music: Genocide as an example." The researchers have selected a musical composition for analysis, specifically pertaining to Kurdish music created after these events. This aims to understand how these experiences have been documented and how these works reflect the resilience of the Kurdish people and their culture in the face of genocide, the effects of which continue to be felt by individuals across Kurdistan. This music serves as a historical and social testament within international law. The musical composition acts as a tribute to those who were wrongfully lost, ensuring their memories remain prominent throughout history.

**Keywords:** Variations, genocide, musical composition.